# ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا (١٩٧٩-٢٠٠١)

## ڕەوتی مەکتەبی قورئان و دەعوەت و ئیسلاح بە نموونە

**سۆران اسعد کریم ١ هۆشمەند علی محموود ٢**

[١،٢] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێ کردنی ڕەوتی ئیسلامی سیاسییە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩-٢٠٠١. سەرەداوی بیری مۆدێرنی ئیسلامی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٩ی زایینی، کە عوسمانی و قاجارەکان، بە هۆی هاتنی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دەسەڵاتی باڵای سەربازییان، تووشی گرفتی قووڵ ببوون. ئەمەش وایکرد نەوەیەکی ڕیفۆرمیست لەم دەوڵەتانەدا سەرهەڵبدەن، کە بیریان لە سەرکەوتنی ڕۆژئاواییەکان لە هەموو بوارەکاندا دەکردەوە، بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دواکەوتوو و داتەپیوەی تێیدان. ئەم ڕیفۆرمیستانە بە سەر دوو بەرە دابەش ببوون، یەکەمیان: ئەو بیرمەندانەی کە ئایین و بیروباوەڕەکانیان بە هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی خۆیان دادەنا، کە ئەمانە زیاتر ناسیۆنالیستەکان بوون. دووەمیان: ئەوانەی کە بۆ دەربازبوون لەم دۆخە سەرقاڵی گەڵاڵە کردنی بیری مۆدێرنی ئیسلامی بوون، کە پێیان وابوو نەك ئایینی ئیسلام، بەڵکوو لادان لە پرەنسیپی ئایینی ئیسلامیان وەك هۆکاری دواکەوتوویی شارستانییەتی ئیسلامی و باڵادەستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیشان دەدا. بۆیەش پرۆژەی چاکسازی ئایینییان بەرزکردەوە و ساڵی ١٩٢٨ یەکەم ڕێکخراوی ئیسلامی فێندەمێنتاڵ لە میسر بە ناوی ئیخوان ئەلموسلمین دامەزرا. ساڵی ١٩٧٩ کاتێک شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک بزووتنەوە و ڕێکخراوی ئایینی بە شێوەی ئاشکرا سەریان هەڵدا، کە بەشێکیان مەبەستیان هاوتەریبی بوو لەگەڵ سیاسەتەکانی ئایەتوڵا خومەینی و بەشێکی دیکەشیان خۆیان لە ژێر چەتری ئیخوانی نێودەوڵەتی دەبینییەوە. میتۆدی توێژینەوەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویانەیە لە ڕێگای چاوپێکەوتن و پشت بەستن بە سەرچاوە و زانیارییەکان لە کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی پەیوەندیدار لەو بوارە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: تیشک خستنەسەر مێژوو و پەیڕەو و پرۆگرام وئامانجی هەر یەک لە ڕێکخراوەکانی مەکتەبی قورئان، کە بە ڕەوتێکی کوردانە دانراوە، و ئیخوانییەکان کە لە ژێر کاریگەری ئیخوانی جیهانی دابوون بە ناوی "جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح" چالاکیان دەکرد.

**وشە سەرەکییەکان:** دەعوەت و ئیسلاح، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فێندەمێنتالیزم.مەکتەبی قورئان، ئیسلامی سیاسی.

## ١. پێشەکی

مەبەست لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لە بارودۆخی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧٩-٢٠٠١ و ناساندنی ئەو لایەنە ئیسلامییانەی کە لەسەر خەتی ئیسلامی سیاسی ڕێچکەیان گرتووە، بەتایبەت دوو ڕەوتی مەکتەبی قورئان و دەعوەت و ئیسلاح کە تێکەڵاوی بیر و ئەندێشەی هەردوک جەمسەری بزووتنەوەی ئیسلامیی پاکستان و ئیخوانی میسریان لەسەرە و بە جۆرێک خۆیان لە داوێنی ئەواندا دەبیننەوە. هەوڵدەدرێت هەموو ئەو لێکەوتە و دەرئەنجامانە بخرێتە ڕوو، کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیبووە و دژیەک و بەرەنگاربوونەوەکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵات بە وردی دەخرێتە بەرباس.

### ٢ . ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:

### ٢. ١ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لایەنە نادیار و شاراوەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی بخاتە بەر دیدی خوێنەران، چونکە تا ئێستاش ئەم ڕەوتە تارادەیەک داخراون و زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەریان نییە. هەروەها بێئاگایی زۆرینەی خەڵک لە مێژوو، بەرنامە و ئامانجی ئەو ڕەوتانە بە شێوەیەکی واقعی هۆکار بووە بۆ هەڵبژاردنی ئەو بابەتە.

### ٢.٢ گرنگیی توێژینەوەکە:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٥، ژمارە ٢ (٢٠٢٢)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٨ تشرینی دووەم ٢٠٢٢؛ پەسەندکردن: ٢٨ ئادار ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٨ حوزەیران ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: soran.assad@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٢ سۆران اسعد کریم ، هۆشمەند علی محموود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp100-109

ئەوەی کە مەرامنامە و بەرنامە و پەیڕەوی خۆیان بە ئاشکرا بڵاو دەکەنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

## ٦. سەرچاوەکان


آبراهامیان، یرواند، ١٣٩٨هـ.ش، ایران بین دو انقلاب، ت، احمد گل محمدی، محمد ابراهیم فتاحی،لیلایی، تهران، نشر نی.

اطلاعیه ٨ مادەای احمد مفتی زاده، ١٣٥٨/١٢/٦هـ.ش، کرمانشاه.

امینی، حسن،١٣٨٤هـ.ش، انتساب پیشمرگان مسلمان به کاک احمد مفتزاده را تکذیب میکنم، مجلەی چشمانداز ایران، ویژنامه کردستان، ش٢.

بیننده، مسعود و نادری، هیوا، ١٣٥٨هـ.ش، خەسار ناسی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە کوردستان، مریوان، گۆڤاری زرێبار، ب.چ، ژ٦١-٦٢.

التکریتي، أسامة،٢٠٠٣، المراقب العام للإخوان المسلمین في العراق، برنامج بلا حدود، قناة الجزیرة، ١٤ مایو، تم الاسترجاع في ٢٠٢٢/٦/٢٩ من هذا الرابط https://ytube.io/3Y5j.

خسرو پناه، محمد حسین، ٢٠٢١، خدا پرستان سوسیالیست، تهران، چاپ شومیز.

خلخالی، صادق، ١٣٧٩هـ.ش، ایام انزوا خاطرات آیت الله خلخالی، تهران، نشر سایه، چ٢، چ١.

خۆشحاڵی، بێهزاد، ٢٠١٤ وردەکارییەکانی شەڕی سێ مانگەی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٢ لەم بەستەرە وەرگیراوەhttps://bityl.co/FXzL

دلاویز، علی، ١٣٨٥هـ.ش، احزاب و سازمانهای اسلامی در کردستان ١٩٧٨-٢٠٠٦، مریوان، مجله زریبار، ش ٦١-٦٢.

روزنامه اطلاعات، ١٣٥٨هـ.ش، شماره ١٥٩٣٣.

ڕۆچنە ،١٣٩٣هـ.ش، خاڵە هاوبەشەکانی مەکتەبی قورئان و کۆماری ئیسلامی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٩ لەم بەستەرە وەرگیراوەhttps://bityl.co/FY1a

ڕەحمانی، سید عەلی، ٢٠٠٥، بەشێک لە بیرەوەرییە تاڵ و شیرینەکانی ژیانم، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

سایت ڕسمی دعوت و اصلاح ایران، بەردەستە لەم بەستەرە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٢ لەم بەستەرە وەرگیراوە. https://bityl.co/FY1T

ستار، سنۆبەر سەردار، ٢٠٢١ ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٧٩-١٩٨٨) مەکتەبی قورئان و سازمانی خەبات بە نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، خولی هەشتەم، ژ٣

سخنرانی آیت الله خمینی،کرگان، ١٣٦٠/١/٢٤هـ.ش، سایت جامع امام خمینی، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٤ لەم بەستەرە وەرگیراوەhttps://bityl.co/FY1g

سنجابی، کریم، ١٣٦٨هـ.ش، امیدها و ناامیدی ها، لندن، انتشارات جبهه ملیون ایران، نشر کتاب،چ١.

سوبحانی، ناسر ،٢٠١٧، ویلایەت و ئیمامەت، و، بشیر عبدالکریم ولی، هەڵەبجە، چاپخانەی هەژار.

سوبحانی، ناسر، ٢٠٠٦، بەندایەتی، سلێمانی، دەزگای بەرهەم، چ٢.

سەیدی، هێمن، ٢٠١٩، کورد و ڕیفراندۆم لە ئێران، کوردستان ٢٤ ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/١٦ لەم بەستەرە وەرگیراوەhttps://bityl.co/FY1z

عبدالعزیز، عمر، ٢٠١٧، پێگەی فەرمووده و حوجەتی سوننەت لای عەلامە ناسری سوبحانی، سلێمانی، ناوەندی سارا.

عیزەتیار، عەلی،٢٧١٩ ک، شۆڕشی کوردستان و بزووتنەوەی مەکتەبی قورئان، و، ڕەزا فتح الله نژاد، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، گۆڤاری تیشک، ساڵی بیست و یەکەم ژ:٥٤.

کدیور،محسن،١٣٩٧هـ.ش، جفای جمهوری اسلامی به احمد مفتی زاده، مقاله، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/١٦ لەم بەستەرە وەرگیراوەhttps://bityl.co/FY29

کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠١٥، سوننەکانی ئێران، و، بەرزانی مەلاتەها، سلێمانی، حەمدی، چ١.

گلزار راغب، کیانوش،١٣٩٧هـ.ش، عصرهای کریسکان، تهران، سورەمهر.

گەوهەری، حامید، ب.س، چەککردنی سەربازگەی مەهاباد ١٩٧٩، سوید، ئۆپسالا، نینا.

مفتی زاده، احمد ، ١٣٥٩هـ.ش، درباره کردستان، سنندج، نور.

مفتی زاده، احمد،١٣٧٣هـ.ش، اجمالی از نام های کاک احمد،. سنندج، ب.چ.

موفیدی، صباح، ٢٠١٧، کاریگەری بزاڤی ئیسلامی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٨/٣ لەم بەستەرە وەرگیراوە.https://bityl.co/FY2O

موکری، ڕزگار، ٢٧١٩ ک، مەکتەبی قورئان بەرانبەر گوتاری نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی هاوچەرخدا، دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێمەکراتی کوردستانی ئێران، گۆڤاری تیشک، ساڵی بیست و یەکەم، ژ ٥٤.

میرزاده، وحید، ٢٠٠٤، تداوم حیات سیاسی در اختناق، تهران، انتشارات سلک.

میرسلیم، مصطفی١٣٩٨هـ.ش، روایت مصطفی میرسلیم از روزهای نخست انقلاب، روزنامه همشهری، تهران، چاپ همشهری، سال بیست و هشتم، ش ٧٩٠٤.

مەحمود، هۆشمەند عەلی، ٢٠٠٧، عەبدولرەحمانی قاسملوو، ژیان و ڕۆڵی لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٣٠-١٩٨٩)، هەولێر، شەهاب.

مەحمود، هۆشمەند عەلی،٢٠١٢، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکۆڵینەوەیەک لە بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد (١٩٧٩-١٩٨٩)، هەولێر، شەهاب.

نامه به احمد مفتی زاده و اعزام آقای نووری به کردستان، ١٣٥٧/١١/٣٠هـ.ش، ڕێکەوتی٢٠٢٢/٦/٢٩ لەم بەستەرە وەرگیراوە. https://bit.ly/3whYldp

نصر، ولی، ١٩٦٦، مودودی و ایجاد تجدید حیات اسلامی، بریتانیا، آکسفورد.

نوری پور، عبدالله، ١٣٩٩هـ.ش، او یک دسمال سرخ بود، تهران، انتشارات سورەمهر.

وتووێژ لەگەڵ دکتۆر کەماڵ سولەیمانی، ٢٠٢٢/٨/٢٤، شارەزای ئیسلامی سیاسی.

وتووێژ لەگەڵ مامۆستا حەسەن وازێی، ٢٠٢٢/٧/٢٧، شارەزای ئیسلامی سیاسی و نەریتی.

وتووێژ لەگەڵ ئاگری ئیسماعیل نژاد، ٢٠٢٢/٨/١٣، شارەزای ئیسلامی سیاسی و ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات.

وتووێژ لەگەڵ ئالان زاگرۆس،٢٠٢٢/٧/١٦، شارەزای ئیسلامی سیاسی شیعە و سوننە.

ئەلیاس، بابان، ٢٧١٩ ک، ئاوڕدانەوەیەک لە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە پارچەکانی کوردستان، گۆڤاری تیشک، بلاوکراوەکانی دەزگای پەروەردەی حیزبی دێمەکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی بیست و یەکەم، ژ ٥٤.

Ezzatyar, Ali ,2006,The Lost Mofti of Iranian Kurdistan ، Ethnic and Religious Implications in The Greater Middle East, New York, Palgrave Macmillan.

Qadhi, YasirK ,2001,The Four Principles of Shirk of Muhammad b. Abd al-Wahhab, al-Hidaayah Publications, UK, Birmingham, PDF.

---

[1]: ناسراو بە کاك ئەحمەد کوڕی مەلا عەبدوڵا موفتی زادە، ساڵی 1933 لە شاری سنە لەدایکبووە. لە قوتابخانە ئایینییەکانی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان خوێندوویەتی. ماوەیەک لە زانستگای تاران لە بەشی زانستە دینییەکاندا دەرسی گوتووە. ئەندامی چالاکی ڕۆژنامەی کوردستان (تاران) و ڕادیۆی کوردیی تاران و هەروەها ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و هەر بەم هۆیەشەوە لە ساڵی 1962 دەگیرێت. لە بەندیخانەدا تووشی گۆڕانکارییەکی دەروونیی قووڵ دەبێت و دەبێتە سەرچاوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بیر و بۆچوونەکانیدا و ڕوو لە ئایین دەکات. دوای ماوەیەک لە زیندان ئازاد دەبێ و چالاکیی دینی خۆی لە مزگەوتی سەید مستەفای شاری سنە دەست پێدەکا. بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران مەکتەبی قورئان دادەمەزرێنێت و بۆ یەکەم جار ڕەوتێکی ئیسلامیی ڕێکخراو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەمەزرێ. دوای سەرکەوتنی شۆڕش بە هۆی جێنەکەوتنی داواکارییەکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، دەستی بە دژایەتیی هەندێك لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی کرد. دواتر لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە پرۆسەی قۆڵبەستکردنی نەیارانی لە ساڵی 1982 گیرا و بۆماوەی 10 ساڵ لە بەندیخانەدابوو. لە هاوینی ساڵی 1992 بە هۆی کاریگەریی ئەشکەنجە و ئازارەکانی لە بەندیخانە ئازادکرا و پاش چەند مانگ لە زستانی 1993 لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد (عەبدوڵا،2014: 13-25)

[2] :حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

[3] : شەڕی سێ مانگە: ئەو شەڕە دوای بەدوای فەرمانی خومەینی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان لە ناوەڕاستی مانگی ئابی 1979 دەستی پێکرد و زۆربەی شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و زیانی زۆری بە خەڵکی کورد و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی گەیاند. هەرچەندە سوپای پاسداران بەشی زۆری شارەکانی کوردستانی داگیر کردەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکە کوردستان بەرگرییەکی بەهێزیان لەبەرانبەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پێشاندا و دوای 3مانگ لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمی 1979 دوای بانگەوازی خومەینی شەڕەکە وەستا ( مەحمود، 2012: 82).

[4] : ناسر سوبحانی: ساڵی ١٩٥١ ی زاینی لەگوندی دوریسان نزیك شاری پاوەی هەورامانی سەربە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەگوندەکەی خۆی و شاری پاوە تەواو کردووە. پاشان دەستی کردووە بەخوێندنی زانستە شەرعییەکان لای زانا گەورە و ناودارەکانی ئەو ناوچانە خوێندویەتی. لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی شاهەنشاهی کەوتە جموجوڵ و لەشارەکانی پاوە و ڕوانسەر و جوانڕۆ و سنە و کرماشان و مەریوان چەندین وتاری داوە و بەشداریی چالاکییەکانی کرد. سەرەتا لەگەڵ موفتی زادە لە مەکتەبی قورئاندا کاری دەکرد دواتر ساڵی ١٩٨٠ دا پەیوەندیی بە ئیخوان موسلمین کردوە و لەماوەیەکی کەم و بووتە جێی متمانەی ئەو کۆمەڵەیە و نوێنەری ئیخوان بوو لە ئێران. دواتر لە شورای شەمسدا بەشدار بوو. ساڵی 1988 لە سنە گیرا و پاش دەربڕینی ناڕەزایەتی لە لایەن خەڵك وکەسایەتییەکان و تەنانەت ڕێکخراوی ئیخوانیشەوە، بەڵام لە سیدارە درا و گۆڕەکەیان لە شاری قورە نیشان کەس و کاری دا ( سوبحانی، 1997: 3).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v5n2y2022.pp100-109